# پارێزگای سلێمانی

کۆدی پرۆژە [(٢٩٩٥) .SUL. G] ساڵی ٢٠١٦

کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)

## بۆ پرۆژەی :- دابینکردنی ( ٣٦ ) کورسی ددان بۆ کۆمەڵگەی پیرەمێردی پسپۆڕی ددان و مەڵبەندە تەندروستیەکانی ناوشار و دەرەوەی شار( دووەم جار).

**پـــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم بەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینای پـــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گرێ بەستەکان /فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر (١٥,٠٠٠) **پانزە هەزار** دیناری عێراقی کە ناگەرێتەوە بۆ بەڵێندەر و کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٠١ /٠٢/٢٠١٦ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٦/٠٢/١٤ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی پاش نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی (١٥/ ٠٢ / ٢٠١٦ ) تا کاتژمێر( ١٢:٠٠ ) ی نیوەڕۆ دەبێت .

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ١٦ / ٠٢ /٢٠١٦ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

٥- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : (١٢٠) سەدو بیست ڕۆژ ( ڕۆژی ڕۆژمێری ) .

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەڵێندە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ ( email ) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ،مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەی عێراقی بەشی (١و٢) بێت.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە مۆڵەتیان هەبێت لە وەزارەتی بازرگانی, پێناسی ژووری بازرگانی و پیشەسازییان پێبێت و ماوەی بەسەر نەچوبێت .

٢- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کەلەدەرەوەی هەرێمن پێویستە تۆمار بن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

٣- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشداری دەکەن مۆڵەتی ( کردنەوەی لقیان هەبێت ) لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦-بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٣,٠٠٠,٠٠٠ ) سێ ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی ( ١١٨ ) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت .

٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت .ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت

٨-پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

**سەردار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٦/٠٢/ ١

وێنیەك بۆ :

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی ( ٢ ) / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب. گ.تەندروستی سلێمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- ب . کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ زانیاریتان.
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ساڵی ( ٢٠١٣ ).
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بەشی IT
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە .

ل. تەندەر — نەورۆز رءوف مستغا

تە. جێنکی تەندەر

تە. ئامادەکردنی تەندەر

.........ئامادەکردنی بانگەواز